# گفتوگۆی ئاڵای ئازادی لەگەڵ بەکر ئەحمەد سەبارەت بە هەڵبژاردن
# گفت وگۆ لەلایەن "ئیدریس عەلی"یەوە ئەنجامدراوە.

" ئەوەی من لەم ساتە وەختەدا لە بەرانبەر ڕۆشنبیران و شوێنی ئەوان لە ناو هاوکێشەکاندا بە شوێنییەوەم، دەنگی دوکتۆر ستۆکمانێکی ڕۆشنبیری کوردییە کە دەتوانێ بۆ ساتێکی مێژوویی کەمیش بێت، مەدالیای "دوژمنی گەل" بە سەر سنگی خۆیەوە هەڵواسێت."

## پرسیار: گەنجان بەڕێژەیەکی بەرچاو بەشداری دەکەن لە هەڵمەتەکانی پرو پاگەندەی هەڵبژاردندا، پێتوایە ئەم هێزە بتوانن وشیارانە رۆڵیان لە درووستکردنی پەرلەمانێکی کارادا هەبێت؟

بەکر ئەحمەد: بە بڕوای من هیچ پەیوەندییەک نییە لە نێوان زۆری ڕێژەی بەشداربووانی هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و ڕۆڵی ئەوان لە دروستکردنی پەرلەمانێکی کارادا. ئاخر چ شتێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە تا ئەم جارە شوێن و داخوازییە سەرەتاییەکانی گەنج ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێت. بوونی لیستێک کە بەڵێنێکی هەڵبژرادنانەی بەم کاتیگۆرییە داوە، چ شتێک لە یارییە سیاسییەکە دەگۆڕێت. گرفتی گەورەی گەنج لە کۆمەڵگای ئێمەدا، یەخسیرکردنی ئەوە لە چوارچێوەی کولتورێکی دواکەوتووانەی کۆنەپەرستانەدا کە ئایین تان و پۆی تەنیوە و ناسیونالیزم و ترادیسیۆن ئاوی حەیات وپیرۆزی پیادەکات. ئێمە ژمارەیەکی بەرچاوی ژنمان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە و یاسای فرەژنی دێتە ئاراوە. ژنکوژی ئەگەر کەم نەبووبێتەوە زیادی کردووە. ئاڵوگۆڕی ئینسانی و گەڕاندنەوەی حورمەتی ئینسانی بۆ تاکە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگا نە لە ئایندا بۆ ئالوگۆڕ دەگەڕێت و نە لە دیدی ناسیونالیزمدا، وەڵام وەردەگرێتەوە. ئەوەی لە کوردستاندا دەگوزەرێ فابریکی بەخشینەوەی ئومێدێکە کە زەمینە مادیی و پێدراوە کۆمەڵایەتییەکانی و کارنامەی هێزە سیاسییەکانی توانای ئەنجامدانییان نییە و خۆشییان بەرپرسیارێتی ئەم دۆخی بێمافییەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستانییان لەسەر شانە. با نموونەیەکی سادەی پەرلەمانی سوییدتان پێبڵێم. لە ژمارەی 349ئەندام پەرلەمانی سوید، ژمارەی ئەوانەی کە تەمەنیان لە 30 ساڵ بەرەو خوارەوەیە، 11 ئەندام پەرلەمانە. واتا ژمارەی ئەوانەی کە لەدایکبووی ساڵی 1978و بەرەو سەرەون، 11 کەسن. ئەم ڕێژەیە لە سەدا سێی پەرلەمانتارانی سویدی پێکدەهێنێت. بەلام پرسیاری گەنجان تەنها کاری ئەو 11 پەرلەمانتارانە نییە. بەڵکو پرسیاری گەنج و خواست و ئومێدە کۆمەڵایەتیە کولتوری و سیاسییەکانییان ، لە سەرچاوەیەکی کۆمەلایەتی گەورەترەوە ئیلهام وەردەگرێت، کە سەرتاپای کۆمەڵگای سویدە. بەڵام ڕەنگە بپرسیت کە ئاخر دەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێبکرێت، وەڵامی منیش ئەوەیە کە سەرتاپای هێزە کۆمەڵایەتییە سیاسیەکانی کۆمەڵگای ئێمە کە لەم هەڵبژاردنانەدا بەشداریدەکەن، جورئەتی دەستبردن بۆ ڕیشەکانی ئەم دۆزەخەی گەنجانییان نییە کە هێندەی تێکەڵێکی کولتوری و کۆمەڵایەتییە کە قەراری سیاسی بوێرانەی دەوێت. پلاتفۆرمی سەرتاپای هێزە دەگیرەکانی سەر شانۆی هەڵبژاردنی کوردستان ، لە پێش هەموویانەوە لیستی گۆڕان، لە پەخشانێکی ئەدەبی کاڵوکرچ بەولاوە، هیچی تری بۆ گەنج پێ نییە.

## پرسیار: پرسی گەنجی کورد لەم قۆناغەدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت، پێتوایە بە بوونی بەشداری گەنجان لەپەڕلەماندا کێشەکانیان چارەسەر بکرێن؟

بەکر ئەحمەد: من لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژتردا لە پەیوەند بە دۆزی گەنجدا بە ناونیشانی: لە کوردستاندا گەنجبوون بوونی نیە: بە درێژی لەسەر ئەم پرسیارە کارم کردووە. ئاخر ئەکتیڤبوونی گەنجی ئێمە بە شوێن

ڕێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسیدا لە پلەی یەکەمدا لەسەر کوشتنی گەنجێتی خۆ کاردەکات تا ئەو کوشتنانەی دی کە بەهێزبوونی ئەم هێزە بە دوای خۆیدا دەیهێنێت. بۆرجوازی لە ئەوروپادا بۆ ئەوەی لە سیستەمی فیودالیزم و ئەرستۆکراتی ئەم چینەی بدایە دەبوایە تاک لە ئینتیماکانی عەشیرەت ڕزگار کات و ئازادی بکات. بەڵام لە کوردستاندا ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام نەگەیشت و بۆرجوازیەتی کورد پێویستی نیە تاکێکی ئازادی هەبێت. ئەمە تەنها دیاردەیەکی کوردی نییە و ئەم پرۆسەیە لە تەواوی زەمەنی پۆست کۆلۆنیالدا بە هەمان ئاڕاستە کاردەکات. بۆرجوازییەتی کورد و بزووتنەوە سیاسییە "مۆدێرنەکەی" کە ناسیونالیزمی کوردە، دەبێ لەسەر ئینتیمای خێڵ و عەشیرەت کار بکات و وەزیفەیشی نییە ئەم تاکە ئازادە دروست بکات. بۆیە ئەگەر بە دەستهێنانی هەندێ داخوازی ماددیش بۆ گەنجی کورد بە دی بهێنرێت، هێشتا پرسیاری سەرەکی کە ڕەهەندێکی کولتوریی و کۆمەڵایەتی هەیە بۆ دروستکردنی گەنجێتیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بە دەستلێنەدراوی هێڵراوەتەوە. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە، هەستدەکەم لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا، وەڵامم داوەتەوە.

## پرسیار:پێشتر لەپەرلەماندا چەند ژنێک بوونیان هەبوە بەڵام بەرای تۆ تاچەند لەپشت مافەکانی ژنانەوە وەستاون و کاریان بۆ کردووە؟

بەکر ئەحمەد: من پێموانییە شوناسی ژنبوون کافی بێت بۆ ئەوەی لە شێلگیری و پێداگری ئەوان دڵنییا بین بۆ ئەوەی بزانیین چەند داکۆکییان لە مافەکانی ژنانی کوردستان کردبێت. ئەوەی کە بە سیستەمی جێندەر لە قەڵەم دەدرێت و لە زمانی زانستەکانی ئەمڕۆدا بە بەرپرسیاری هێشتنەوەی نایەکسانییەکانی نێوان ڕەگەزەکان دەناسرێتەوە، سیستەمێکە کە لە باری ئینتیمای ڕەگەزی خۆیەوە، بێلایەنە. واتا بەوەی خوازیاری دووبارە بەرهەمهێنانوەی نایەکسانی نێوان رەگەزەکانە، مەرج نییە ئینتیمای بۆ ڕەگەزی نێرینە هەبێت. بەڵکو دەکرێ سەر بە رەگەزی مێینەش بێت و بەرپرسیاری هێشتنەوەی نایەکسانی نێوان رەگەزەکانیش بێت. مارگرێت تاتشەری بەریتانی گۆڕهەڵکەنی خواستەکانی ژنانی بەریتانی و دنیاشە. ژنانی سەر بە ڕەوتە ئیسلامیەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەیان کردووە کە ئایین پێی ڕاسپاردوون. بەبڕوای من زۆربوونی رێژەی کاتیگۆرییە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان خود بە خود پەیوەندی بە هەڵکشانی ڕوولەسەری مافەکانی ئەم کاتیگۆرییە جیاوازانەوە نییە، بەڵکو دەکرێ وەک زیاترکردن و فراوانکردنی پێگەی ئەم کاتیگۆرییانە لە پرۆسەی سیاسەتدا چاوی لێبکرێت.

## پرسیار: لە هیچ هەڵبژاردنێکی پێشوودا رۆشنبیران هێندەی ئێستا هەڵوێستی خۆیان روون نیشان نەداوەو قسەیان نەکردووە، ئایا جیاوازی ئەم هەڵبژاردنە لە گەڵ ئەوانی پێشوودا چییە لەروانگەی رۆشنبیرانەوە؟

بەکر ئەحمەد: ئەگەر ئینسان ڕۆشنبیریش نەبێت، شەهامەتێکی گەورەی دەوێت بە ئاشکرا دیفاع لە دەسەلاتی پارتی و یەکێتی بکەیت. مێژووی ئەم هێزانە لە پاش پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسییانەوە کرمێ نەبووە. ئەوان لە شاخیش ئەم مێژوویەیان پێشووتر تۆمارکردبوو. ئەوەی کە ڕوویداوە و ئاوا بێ پەردە و بە ئاشکرا لایەنگری خۆیان بۆ ڕەوتێکی ناو ئەم پرسەیە ڕادەگەێنن، لایەنگری لە لیستی گۆڕانی نەوشیروان موستەفا، پەیوەندی بە کۆمەڵێک فاکتەری ئایدیۆلۆژیی و پاشان خودی گۆشەنیگای بەشێکی گەورەی ئەم ڕۆشنبیرییەوە هەیە کە لە م چاویلکەیەوە دنیای پێ سەرنجداوە. . تۆ تەماشا بکە، مەریوانی وریا قانیع و بەختیار عەلی بە ئاشکرا و بێ پەردە دەڵێن ئەوە بەرهەمی تێروانینە فیکریەکانی ئێمەیە و ڕۆشنبیران سەر قافڵەی ئەم کاروانەیە کە بەڕێوەیە. ئەوەی دەگوزەرێ شۆڕشی شاعیرانە و جەماوەریش شتێکی کردووە. بە بڕوای من، ئەوەی دەگوزەرێ چەخماخەیەک نییە لە ئاسمانێکی سامالْدا، وەک مارکس لە هەژدەی برۆمێردا لە بەرانبەر

دووبارەهاتنەوەسەرکاری دیکتاتۆری ناپلیۆندا باسیدەکات. ئەو دەڵێ: مەگەر ئەو هەموو هەورە نابینین. بێگومان ئەم هەڵوێستە لە مێژووی بیستساڵی رابردوودا ئامادەیی هەبووە و هەندێک هۆکار کە دواتر باسیدەکەم، ڕێگر بووە وەک چەخماخەی ئاسمانێکی هەوراوی دەرکەوێت. ئاخر ئەم هەڵوێستە هەر ئێستا ڕۆشن نەبووە، بەڵکو پێشووتریش هەر وا بووە و بە ڕۆشنی قسەی خۆیان کردووە. جیاوازییەکە ئەوەیە پێشتر هێزەکانی دیکە گوێیانی لێنەگرتووەو ئەمڕۆ کەسێکی دیکە هەیە، بڕیارە گوێیان لێبگرێت.

ئەوە ئەمڕۆ نیە ئەم ڕۆشنبیرییە بێ پەردە کارتەکانی خۆی لەسەر مێزی ئەم بزووتنەوەیەدەدا دەدا بەسەر مێزدا. بەڵکو سەرنجدانێکی وێنە و ئاماژە نووسراوەکانی سەر کارتەکانی دەستی ڕۆشنبیری کوردی، لە درێژەی مێژووی ئەم بیست ساڵەی ڕابردوودا، بە شوێن خواست و ئامانجێکی وەک پەیامەکانی ئەم بزووتنەوەیەوەن کە ئەمڕۆ شاهۆ سەعید و ڕێبین هەردی وئەو نەوەیەی لە دەووری "ڕەهەند" کۆبووبوونەوە، قسەکەری ڕەسمییەتی. ئەم ڕۆشنبیرییە لەمڕۆدا پەیامە کۆمەڵایەتیی و سیاسیەکانی خۆی لەو فیکرەدا دەدۆزێتەوە، کە نۆشیروان موستەفا دەمڕاستییەتی. بە کورتی، هات و هاواری دیموکراسیی و هەندێک لە مافە سەرەتایی و ئازادییە مەدەنیەکان، دوا خاڵی ئەو پەیامە ڕۆشنبیرییە بووە کە ئەم نەوەیە لە بیست ساڵی ڕابردوودا بە شوێنییەوە بووە. ئیدی پرسی "فاشیبوونی ئە م دەسەڵاتە" کە دەمێکە بێحیجاب ڕووخساری خۆی نیشانداوە، دەکرێ بە پێوەرێک و هەڵبژاردن دەبێ بە سەنگی محەکی ئەم دیکتاتۆر بوون و نەبوونەی دەسەڵات. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، ئینسان پاشخانێکی تیۆری گەورەی پێویست نیە تا بزانێ لایەنگیری لە باڵێکی دیکەی ئەم بزووتنەوەیە کە بە پارەی گەندەڵی شەڕی باڵێکی دیکەی براگەورەی خۆی دەکات، چ قازانجێک بە ژنانی کوردستان دەگەێنێت. ئەوەی بیردەچێتەوە کە ئەگەر دەسەڵات لە زۆر جومگەیدا دەسەڵاتێکی فاشیشتیی ئەنتی مۆدیرنیتە و ئەنتی عەدالەتی ئیجتیماعییە، هەر لە ڕێگەی ئەم هەڵبژاردنەوە کە بردنەوەی زۆربەی زۆری دەنگەکانی لە لایەن ئەوانەوە هیچ گومانێک هەڵناگرێت، دووبارە شەرعییەتێکی دیکە بە خۆی دەداتەوە و ئەم پیشەسازی ئومێدبەرهەمهێنانەوەیە بە مەبەستی درێژکرنەوەی تەمەنی سیستەم، کۆمەڵگا لە ساڵۆنی ئینتیزارێکی درێژ ماوەدا ڕادەگرێت. ئەم نەوەیە لە ڕۆشنبیرانی کوردی، هیچ زەمەنێک لە باری فیکرییەوە، لە چوارچێوە فیکرییەکانی ناسیونالیزم دورنەکەوتوونەتەوە و تاکە ڕەخنەیان لەم تێروانیە زاڵە باوەی ناو کۆمەڵگای کوردی کە هۆکاری نەهامەتیی و ڕۆژڕەشییەکانی سەدەیەکی کۆمەڵگای ئێمەیە، لەوەدایە کە ئەم دەسەڵاتە ناعەقڵانییە و دەبێ عاقڵانەتر مامەڵە بکات و گوێ لە تێزە فیکرییەکانی ئەمان بگرێت. ئەوەی دەگووزەرێ لەم ڕۆژانەدا لە پەیوەند بە ڕۆشنبیرانی کورددا، کۆششی جێگاو ڕێگا پەیداکردنێکی شیاوترە بۆ خۆیان تا خەونە سیاسیەکانیان لە پرسەی عەقلانیکردنی ئەم ڕەوتەدا بێننە دی و خۆشیان ئەو عەقڵانە بن، کە بیست ساڵە هاواردەکەن: بۆ گوێمان لێناگرن. بە کورتیەکەی ئینسان مەرج نیە سیاسیی بێت تا پەیامی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی خۆ لە کۆمەڵگادا بدۆزێتەوە. ئەوەی لەم ڕۆژگارانەدا لە سەر شانۆی ڕۆشنبیریی کوردیدا دەگوزەرێ، باوەشپێداکردنی عەقڵەکانی ڕۆشنبیریی کوردییە بە پەیامەکانی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی کە لە کۆمەڵگادا، دەگووزەرێ و لە مێژە ئەمان بانگەوازکەری جۆرێک لەم مۆدێلەی فەرمانڕەوایەتین لە کوردستاندا. لە پاش چەندین ساڵ لە ئیدیعای سەربەخۆیی فیکریی و تێزی بە پۆخڵنیشاندانی کردەوەی سیاسەت و پەیوەندی ڕۆشنبیر بەم کایەیەوە، ڕۆشنبیری کوردی، لە پیسترین دەرگای سیاسەت و لە پشت ناشیرینترین ڕووخسارەکانی سیاسەت لە کوردستانەوە، خۆی دەکاتەوە بەو ماڵەدا کە شەرمکردن لە هەندێک دەموچاوەکانی ، ڕێگری ئەم باوەشپیاکردنە گەرم وگوڕەی ئەمڕۆی بووە.

## پرسیار: لەبانگەشەکاندا بەر لەچەند لیستێکی جیاواز دەکەوین، ماهیەت و جەوهەری جیاوازی ئەم لیستانە لەچیدا دەبینیتەوە؟ پێتوانییە لەناوەڕۆکدا هاوشێوەی یەکترن؟

بەکر ئەحمەد: من جیاوازییەکی گەورە نابینم. ئیسلامییەکانیش باس لەو شتانە دەکەن کە لیستی گۆران باسی دەکات. بە شێکی زۆری ئەم لیستانە و کەسایەتییەکانی، شەریکی ئەم پرۆسە سیاسییەن و ناکرێ لە شەو و ڕۆژێکدا ئاڵوگۆڕییان بەسەردا بێت. حەمەی حاجی مەحمود لە سەرەتای دروستکردنی حوکومەتی هەرێمەوە شەریکی ئەم پاشاگەردانییەیە کە ئەمڕۆ باسی لێوەدەکرێت. یەکگرتوو وەزارەتی هەیە و شەریکی بەرهەمهێنانەوەی ئەم ڕۆژڕەشییەی ئەمڕۆیە. ئەوەی کە لەمڕۆدا جیاوازی پێکهێناوە ئەوەیە کە قڵشتێک

کەوتۆتە نیوان یەکێک لە باڵەکانی دەسەڵات و جەماوەرەوە. ئەمە کارێکی سروشتییە کە هێز و گرووپی دیکەی کۆمەڵگا لەسەرییەوە قسەی خۆیان بکەن. من ئەو جیاوازییە گەورەیە نابینم.

## پرسیار: زۆربەی لیستەکان لەبەرنامەکانیاندا رایانگەیاندووە ئەگەر دەنگی زۆر بەدەست بێنن تەواوی کیشەکانی کۆمەڵانی خەڵک چارەسەردەکەن .پێتوایە ئەمە تەنها بۆ بانگەشەی راکێشانی سەرنجی خەڵکە یاخود بەفیعلی ئەم کارە دەکەن؟

بەکر ئەحمەد: ئەمە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانێکی ئەوروپادا بووایە، دەمووت دەکرێ هەندێک ڕاستی تیا بێت. ئاخر جێگۆڕکێی دەسەڵات و جیهێشتنی حوکومەت بۆ ئەو هێزەی بردوویەتەوە، ئیمکانی جێبەجێکردنی هەندێک لە بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پێوەیە. بەڵام تۆ دەچیتە هەڵبژاردنێکەوە بۆ پەرلەمانێک کە دەسەڵاتی سیاسی تێدا نیە. تۆ دەچیتە پەرلەمانێکەوە نەک بۆ ئەوەی خواستەکانی خەڵکی تیا جێبەجێ بکەیت، بەڵکو بۆ ئەوەی پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانتاری دروست بکەیت، بە قسەی خۆیان، بۆ ئەوەی پەرلەمانێکی ئەکتیڤ و کارا بێتە خولْقاندن. بە زمانێکی دی، ئەوان ناچنە پەرلەمانەوە تا شەڕ لەسەر جێبەجیکردنی بەڵێنەکان بکەن، بەڵکو دەیانەوێ پەرلەمانێکی کارا دروست بکەن، ئەگەر ئیمکانی پرۆژەیەکی لەو جۆرەش ئیمکانی هەبێت. من بەڵێنەکان لە بانگەشەیەکی ڕووتی هەڵبژاردن بەولاوە، هیچی تری تیا بەدی ناکەم. هیوادارم من هەڵە بم و کەسانی دی ڕاست بکەن.

## پرسیار: دواین پرسیارم لەسەر ئەرکی رۆشنبیرو نووسەری کوردە، پێتوایە ئەو نوخبە رۆشنبیرییە دەبێت لە ناو هاوکێشەکاندا چ رۆڵ و کاریگەرییەکیان هەبێت.

ئەوەی دەبینرێت، بە هەڵوێستی ڕۆشنبیریی حزبی و ڕۆشنبیریی پڕۆژە ڕۆشنبیرییەکەی دوای نەوەدەکانەوە، هەموویان لە وتنەوەی بەڵێ بۆ دەنگدان و پەیوستبوون بەم سیناریۆیەوە، شتێکییان نەهێشتووەتەوە بۆ گوومان و خستنەژێرپرسیاری ئەوەی دەوترێت. ئەوەی من لە ناخەوە، بێزارم دەکات، دیار نەبوونی پاڵەوانی "دوژمنی گەل"ی هینریک ئیبسنی نەرویجییە کە ناوی دکتۆر ستۆکمانە. ستۆکمان دکتۆرە و لە و شارۆچکەیەی ئەو لێێ دەژی، ئاوی زێرابەکان تێکەڵبوون بە ئاوی گەرماوەکانی شارەوە. وتنی ئەم ڕاستییە، دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئابوریی شار نیگەران دەکات و دەبێتە سەرچاوەی زیانێکی ئابووری گەورە بۆ ئابووری شار، ئەگەر بە قسەی ستۆکمان بکرێت و گەرماوەکان دابخرێن تا چاکدەکرێنەوە. بەڵام دواتر دادگا بڕیاری تاوانبارکردنی ستۆکمان دەردەکات و بەوە تاوانباری دەکات کە ئەو دوژمنی گەلە و ئەکسەرییەتێکی جەماوەری پشتدەکەنە راستییەکی سەلمێندراو کە کەمایەتییەکی کەمی وەک ستۆکمان و خیزانەکەی پەی پێدەبەن. ستۆکمان پاش سوربوونی لەسەر بریارەکەی، دووچاری بەردبارانکردنی ماڵی خۆی دەبێتەوە کە ناچارە شار جێبێڵێ.
لەم ساتە وەختەی ئێستاماندا، بەوەی سەرتاپای ڕۆشنبیری کوردی لەگەڵ ئەم شەپۆلەدا سەر قاڵی مەلەی خۆیەتی، ڕۆشنبیرێکمان دەوێت کە ڕۆڵی "دوژمنی گەڵ"ی کوردستان ببینێت و حەقیقەتێکی ترمان بۆ بگێڕێتەوە. ستۆکمانێکی ڕۆشنبیر کە بە دەنگی بەرز دەڵێ: هەمیشە زۆرایەتی لەسەر حەق نییە و ئە و حەقیقەتە دەکرێ لای کەمایەتییەکی کەمی کۆمەڵگا بێت. ئەوەی من لەم ساتە وەختەدا لە بەرانبەر ڕۆشنبیران و شوێنی ئەوانە لە ناو هاوکێشەکاندا بە شوێنییەوەم، دەنگی دوکتۆر ستۆکمانێکی ڕۆشنبیری کوردییە کە دەتوانێ بۆ ساتێکی مێژوویی کەمیش بێت، مەدالیای "دوژمنی گەل" بە سەر سنگی خۆیەوە هەڵواسێت.